www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 17:13 28-5-2006

## خوێندنەوەی کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ ... ئارام سدیق

حەیف ژیان خۆشە، ئەگینا خۆم دەکوشت
(سەحەر رەسایی)



" کەس وەك من تۆی خۆش ناوێ" ناویشانی کۆ چیرۆکێکی خاتوو (سەحەر رەسایی) ە، ئەم کۆ چیرۆکەی خاتوو سەحەر یەکێکە لەو چیرۆکانەی شایانی خوێندنەوە و قسە لەسەر کردنە. سەحەر لەنێو ئەم دەقانەدا دەیەوێ راستگۆیانە بدوێ و گوزارشت لە مێینەبوونی خۆی بکات، ئەو دەیەوێ واقیعی مێینە بوون لە کۆمەڵگایەکی نەریتی و پیاو سالاری وەکو کۆمەڵگەی کوردی بخاتەروو. ئەوەی چیرۆکەکانی سەحەر لەچیرۆکی چیرۆکنووسانی تر جیا دەکاتەوە بوونی گێرانەوەیەکی سادە و واقیعیانەیە و کەمتر فەنتازیای تێدایە. بۆیە دەتوانین بە سەرحەر بڵێین شایەدحاڵی تاڵیە بەسوویکانی ژیانی مرۆڤی کورد.

ئەوەی دەمەوێ لەم نووسینە کورتەدا ئاماژەی پێبکەم قسەکردنە لەسەر چەند رەهەندێکی کەمی ئەو چیرۆکەی "سەحەر" سەحەر زیرەکانە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان دەوروژێنێت و دەیەوێ لەهەر چیرۆکێکدا یەکێك لەچەمکە چەقبەستووەکانی کۆمەڵگای کوردی بخاتەروو و گازندەی خۆی وەکو نەوەیەکی نوێ لەدژی بەکارهێنانە هەڵەکانی دەربڕێ. نووسەر لەچیرۆکی (جادەی ژنە لەخوا نەترسەکە) دا دەیەوێ قسە لەسەر گەورەیی ئەشق و خۆشەویستی بکات و تا دەگاتە ئەوەی بڵێت: لەجیاتی ئۆکسجین عەشق هەڵدەمژم.

رەنگە ئەم رایەی سەحەر زیادەرەوی تێدا بێت، چونکە مرۆڤ تا نەژی ناتوانێ عەشق بکات، بەلاَم سەحەر دەیەوێ ئەوەبخاتەروو کە عەشق لەهەموو بەربەستە کۆمەڵایەتیەکان گەورەتر و پیرۆزترە و هەتا لەژیان گرنگترە، چونکە ئەگەر عەشق لەژیاندا نەبێ ژیان بێ مانایە، هەروەها لەچیرۆکی (پەنجەرە) دا بەجۆرێکی تر تەفسیری عەشق دەکات و دەنووسێت؛ خودایە غەرقی رەحمەتنماکە، غەرقی نووری عەشق.

سەحەر لەقسەکردن لەچەمکی ژیان تاڕادەیەکی زۆر رەشبینە و ئەم رەشبینیەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیرکردنەوە و نووسینەکانی هەیە، بەلاَم رەشبینی لای سەحەر بینینی شتەکانە وەکو خۆی نەك بەرەش بینینی دنیا و تێڕوانینی عەبەسیانە. سەحەر دەڵێت؛ حەیف ژیان خۆشە ئەگینا خۆم دەکوشت. لێرەوە هەرچەند وتم رەشبینی لای سەحەر هەیە، بەلاَم رەگێکی ژیاندۆستی بەهێز بیری سەحەری داگیرکردووە و ئەو بەبێ ئەو ژیاندۆستیە ناتوانێ چیتر هەناسەیەك بدات.

لەلایەکی ترەوە سەحەر گلەیی و گازندەی لەپیاوانی کۆمەڵگەکەی هەیە و دەیەوێ راشکاوانە رووی دەمامکداری پیاوان بشکێنێ و رووی راستەقینەیان بخاتە روو سەحەر دەنوسێت، ئەگەر پیاو بیتوانیایە سەیری ئاوێنە بکات دنیا لەمەی کە هەیە خۆشتر و پەمەیتر دەبوو، سەحەر لێرەدا دەیەوێت بڵێت ئەوە پیاوانن کە ناتوانن سەیری کردار و رەفتاری خۆیان بکەن، یان نایانەوێت رووی دەمامکداری خۆیان ببینن. بێگومان سەرجەم کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لەم خاڵەوە

سەرچاوەی گرتووە. لەشوێنێکی تردا دەنووسێت، پیاو ئەوەندەش گەورەنین کە تۆ لەبەر رۆشتنی یەکێکیان بیر لە بەیانی پڕ لەشەو بکەیتەوە. دیسان لێرەشدا سەحەر دەیەوێ پەیامێکی فیمینستانە بخاتەڕوو. پەیامێك کە رەگەزی بەخەتاکاری زۆرێك لە کێشەکان دەبینێ، بەڵام لەڕاستیدا بوونی هەر کێشەیەك تەنیا رەگەزێك، یان چینێك با بخولقێنێت، بەڵکو ئەوە هەردوولان کە کێشەی جۆراوجۆر و دەخولقێنن، بۆیە چارەسەرکردنیش تەنها لای رەگەزێکی دیاریکراو نییە دواجار گرنگە نووسەر ئەوە بزانێ هەموو دەقێك دەبێت هەڵگری پەیامێکی تایبەت بەخۆی بێت، هەر دەقێك دەبێت هەڵگری پەیامێك نەبێت دەق نییە، بەڵکو وڕێنەیەکی ناجۆرە و بەر لەوەی بگاتە بەردەستی خوێنەر دەمرێت. ئەوەی لەدەقەکانی سەحەردا بەڕوونی دیار هەڵگری پەیامە. پەیامێك کە دەیەوێت قسەی لەسەر واقیعی کۆمەڵەیەتی کۆمەڵگەی کوردی بکات، ئەمەش گرنگترین خاڵە کە ئەم چیرۆکانە پێکەوە دەبەستێتەوە.